Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.3.2

# کاریگەری ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لەسەر پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوودا لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Begard Ali Sadiq
Begard.sadiq@su.edu.krd

RECEIVED :25 /03/2025
ACCEPTED :18/06/ 2025
PUBLISHED :15/06/2026

**بێگەرد علی صادق** / بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
**ژیان اسماعیل سعید** / بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
**امیرە حسین شریف** / بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**

ستراتیژ،
ئێسکە ماسی،
پاڵنەری دەستکەوت،
قوتابی

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە زانینی (کاریگەری ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە سەر پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوودا لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی). توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێنابوو، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (60) قوتابی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابوون، بەسەر دوو کۆمەڵەدا، کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ژمارەیان لە (30) قوتابی پێکهاتبوو، هەموویان بابەتی کۆمەڵایەتییان بەڕێگایەکی ئاسایی خوێندبوو، هەروەها کۆمەڵەی ئەزموونی کە ژمارەیان بریتیبوو لە (30) قوتابی بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژی ئێسکە ماسی خوێندبوو. توێژەران پێوەری پاڵنەری دەستکەوتییان ئامادەکرد بە ئەنجامدانی سەرجەم ڕێکارە سایکۆمەترییەکان، دواتر بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە توێژەران لەڕێگای بەنیوەکردن (سپیرمان براون) جێگیرییان دۆزیەوە بریتییە لە (0.917) و بەپێی هاوکێشەکە (ئەلفاکرونباخ) بریتی بوو لە (0.90). توێژەران (12) پلانی وانەوتنەوەیان ئامادەکرد بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەکانیان بە ڕێگای ستراتیژی ێسکە ماسی دەخوێند، (12) پلان بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکانیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند، ئەزموونییەکە جێبەجێکرا لە بەرواری (2024/10/13) تا (2024/11/26) دوای تەواو بوونی ماوەکە و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر کۆمەڵەکان و دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

– جیاوازی بەڵگەداری ئامارییی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بە پێی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی خوێندبوو، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکەیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندبوو، لەتاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت، لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

1 ـ ناساندنی توێژینەوە :

1_1 پێشەکی و گرنگی توێژینەوەکە :

پەروەردە لە سەردەمی شارستانیەتە دێرینەکان تاکو ئێستا بە یەکێک لە بنەما و ناوەندە گرنگەکانی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دادەنرێت، هاوکات یەکێکە لە بونیادە گرنگەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی پێشکەوتوو، لەبەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردە لە ئێستادا بە هەموو پێکهاتە و جۆرەکانی ئامانجی ڕاهێنان و پێگەیاندنی نەوەیەکی کارامە و چالاکە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی بەشداری لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا بکات، ئەمیش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیک و ئامرازە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتە نوێیەکانی وانەوتنەوە، کە ببێتە هۆی زیادکردنی دەستکەوت و پاڵنەر بۆ خوێندن (قاضی،2016، 2) .

پرۆگرامی خوێندن چەقی پەروەردەیە و خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن جیاواز لە بابەتەکانی تری پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی کارا دەگێڕێت، لە پەرەپێدانی توانای تاک لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، کە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان، بۆیە توانای بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، لە هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو (بکر، 2،2016).

پاڵنەر وەک فاکتەرێکی کارا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لە وروژاندنی فێربوون لەلای قوتابی، ئەو حاڵەتە یارمەتی بزواندن و بەردەوامی ڕەفتاری تاک دەدات، چونکە مرۆڤ بەبێ بوونی پاڵنەر لە ئەنجامدانی کارەکان بە هۆی ڕەفتارەوە شکست دەهێنێت، کە لە پێشتدا فێریان بووە (قادر، 2023، 36).

بابەتی مێژوو لە ئێستادا یەکێکە لەو زانستە مرۆییانەی کاریگەری و پێگەیەکی دیاری لە نێو پانتایی مەعریفەی هاوچەرخدا هەیە (زەڕینکوب،2011، 19). ڕێگایەکی لێکۆڵینەوەیە، پشت بە ڕەخنە و بەدواگەڕان و هەڵسەنگاندنی بەڵگە مێژووییەکان و بەستنەوەی بە ئەنجامەکان و لەگەڵ شیکارکردنی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی پاڵنەرەکانی دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی فێربوون (الصلابي، 2005 ، 21).

ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی، یەکێکە لە ستراتیژیەتە مۆدێرنەکانی فێربوون کە سەنتەری فێربوونی قوتابییە، مەیلی کارکردن لەم جۆرە ستراتیژە چالاکبوون بە جدییەکی زیاترەوە دابین دەکات، لە ئەنجامی تێگەیشتنی زیاتر لە چۆنیەتی نزیکبوونەوە لە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی ئەکادیمیدا (الدبيسي، 2012، 7) .

توێژەران پێمان وایە بەکارهێنانی ستراتیژە مۆدێرنەکان کە تیشک دەخاتە لەسەر ڕۆڵی ئەرێنی قوتابی دەتوانێت یارمەتی قوتابی بدات، بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامە زانستییانەی کە لە قۆناغی بنەڕەتییدا سەرنجییان لەسەرە، هەروەها گرنگترین بوارەکانی بۆ پاڵنەر و دەستکەوت لە وتنەوەی بابەتەکانی مێژوو، هەربۆیە پێویست دەکات، ئامانج و مەبەستەکانی بابەتەکە بێنێتە دی، نەوەک تەنیا بریتیی بێت، لە ئەزبەرکردنی ڕاستی و زانیارییەکان، لە بیرکردنی لە ماوەیەکی کەمدا، بەڵکو پێویستە قوتابی لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتە کارا و چالاکەکان بۆ فێربوون تواناکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بتوانێت بیرۆکەی نوێ بخاتە ڕوو، ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە وانەکەدا، هەروەها گرنکی و بایەخی توێژینەوەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1. ئەم ستراتیژیەتە وا لە قوتابییان دەکات، بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بۆچوونەکانییان دەرببڕن و بە شێوەیەکی چالاک بەشداری وانەکە بکەن، لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریبێنن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەمییان.

2. ئەم توێژینەوە بەسوودە بۆ بەسوودە بۆ بسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە کە دەیانەوێت ئاستی پاڵنەری قوتابی دیاری بدەن لە خوێندن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێوەری دیاریکراو.

3. ئەم توێژینەوەیە لە بواری ستراتیژیەتە کاراکانی ( ئێسکە ماسی لە بابەتی مێژوو ) لە هەرێمی کوردستان نوێیە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیەی بەردەستە سوود بە وەزارەتی پەروەردە و لایەن پەیوەندیدارەکان دەگەیەنێت، لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا .

4. سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی لەم شێوەیە بۆ کۆلێژە پەروەردەیی و بنەڕەتییەکان، لە ڕووی ئامادەکردنی قوتابی بۆ پیشەی مامۆستایی لە داهاتوو بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە تازانە، بە شێوەی چالاک لە وانەوتنەوەدا.

1_2 کێشەی توێژینەوە :

هەرچەندە بابەتی مێژوو بایەخێکی زۆری لە ڕووی پەروەردەییەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری کۆمەڵێک کێشە و گرفت بۆتەوە، یەکێک لەو گرفتانە بەکارهێنانی ڕێگا و شێواز و ستراتیژەکانە بۆ وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو، بەهۆی ئەوەی زۆرترین زانست و زانیاری بە قوتابی دەدرێت، بەبێ گوێدانە چۆنیەتی و چەندایەتی زانیارییەکان، ئەمەش وا دەکات قوتابی ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە کرداری فێرکردندا نەبێت، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم، چونکە ڕوون و ئاشکرایە گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتوتەوە، بەکارهێنان و داهێنان و ستراتیژی نوێ بۆتە پێویستییەکی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هەر بۆیە بۆ ئەوەی قوتابی ببێتە تەوەرەی سەرەکی وانەکە، پێویستە بەدوای شێوازی فێرکردنی نوێ بگەڕێن، بیگونجێنین لەگەڵ بابەتی دیاریکراو (سعید، 2022، 6).

توێژینەوە پەروەردەییە نوێیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو ستراتیژییەتە کۆنانەی کە مامۆستا بەکاریان دەهێنێت بۆ وانەوتنەوە، وا لە قوتابی دەکات، تەنها گوێگر بێت، بەشێوەیەکی کارا بەشدار نەبێت لە پرۆسەکەدا، بەڵام لە پەروەردەی هاوچەرخدا قوتابی چالاکە و ڕۆڵی سەرەکی دەگرێت و مامۆستاش پاڵنەر و ڕێنیشاندەر و ڕێنماییکاریەتی، بۆ ئەمەش مامۆستا پێویستە بتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت، پێویستە شارەزایی باشی هەبێت، لە ستراتیژەکان و ڕێگاکانی وانەووتنەوە بێت، شێوازی بەکارهێنانیان کە پەیوەستە بە خودی مامۆستا (ئاغا،2016).

توێژەران لە میانی سەردانیکردنیان بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکان، دیدار لەگەڵ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو ستراتیژ و ڕێگایانەی لەگەڵ بابەتەکانی مێژوو دەگونجێن و تا چەند بەکاردەهێنرێت لە لایەن مامۆستایانی ئەم بابەتە، کەم تا زۆر لە ووتنەوەی بابەتی مێژوو، گۆڕانکاری و نوێگەری لە بابەتەکان و تێکهەلکێشی زانیاری نوێ و دەرەکی و نموونەی زیندووی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە بۆ تێکەیشتنی بابەتەکان لەلای قوتابی و پڕ زانیاری کردن و بەکارهێنانی لە کێشەکانی ڕۆژانە و لە بیرنەکردنی، چونکە گۆڕانکارییە خێراکان و پەرەسەندنی جیهانی دەرەوە لە تەواوی بوارەکانی ژیان، بەکارهێنانی ستراتیژی نوێ بە شێوەی کرداری بۆتە پێویستیەکی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، وێڕای بوونی کەموکوڕییەکان لە پێداویستییەکان و ئامرازەکانی بەکارهێنان، بەڵام مێشکی قوتابی پێویستی بەوە هەیە، بتوانێت بەشداری بکات و بەدوای هۆکاری کێشەکان بگەڕێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە بە شێوازێکی ئەرێنی و کرداری، لە بەر ڕۆشنایی و لە سۆنگەی هەستکردن بە بوونی ئەم کێشەیە لە قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی هەولێر، هەوڵیانداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکە ماسی لە بواری مێژوودا، پاڵنەری دەستکەوتنی قوتابی زیاد بکات، پەرە بە تواناکانی قوتابییان بدرێت و ئاستی زانیارییان بەرز بکرێتەوە، لێرەدا توێژەران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکەیان کە خۆی لەم پرسیارە دەبینێتەوە:

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی، کاریگەری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەکردنی پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا ؟

1 ـ 3 ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەدات، لە ڕووی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی بۆ گۆڕاوەکانی (تەمەنی قوتابی، ئاستی خوێندەواری دایک وباوک، زیرەکی لێکچون، نمرەی ساڵی ڕابردوو)ی قوتابییان بۆ گروپی ئەزموونی دوای تاقیکردنەوە، بەراوردکردنی لەگەڵ نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو لەو بابەتەی کە خوێندوویانە، بۆ گۆڕاوی پاڵنەری دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی لە بابەتی مێژوودا .

1. ئەنجامی هەردوو گروپی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، لە میانی ئەو شەش هەفتەیە کە بە گوێرەی ئەم ستراتیژە نوێیە لەو بابەتە دەوترێتەوە و وتراوەتەوە.
2. زانینی ئەنجامی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی پاشەکی و لە بەرژەوەندی کامە گروپ دایە.
3. زانینی ئاستی کاریگەری ستراتیژیەتی ئێسکە پەیکەرە ماسی لەسەر پێوەری پاڵنەری دەستکەوت.

1. 4 گریمانەی توێژینەوەکە :

1. کریمانەی سفری یەکەم: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندە ژمێری نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بەپێی ئەم ستراتیژە نوییە وانەکە دەخوێنن.

2. گریمانەی سفری دووەم: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندەژمێری نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی لە پاڵنەری دەستکەوت لەنێوان قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی ئێسکەماسی دەخوێنن، کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کەبابەتەکەیان بە ڕێگایەکی ئاسایی دەخوێنن.

3- گریمانەی سفری سێیەم: ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی کاریگەری نییە لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.

1 ـ 5 سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وەستاوە:

1. سنووری بابەتی: پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشی مێژوو (بەندی یەکەم: سەرەتایەک بۆ چاخە مێژوویيە کۆنەکان، بەندی دووەم: میللەتە دێرینەکانی عێراق، بەندی سێیەم: میللەتە دێرینەکانی کوردستان).

2. سنووری مرۆیی: قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (ڕەگەزی نێر).

3. سنووری شوێن: قوتابخانەی (سەفین یاسینی بنەڕەتی) لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

4. سنووری دەمکات: توێژینەوەکە لە میانی وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2024- 2025) جێبەجێکراوە.

1 ـ 6 پێناسەی زاراوەکان و ڕێکارییەکانیانی توێژینەوەکە:

1 ـ 6 ـ 1 ستراتیژیەت:

ـ شاهین (2011): هونەری بەکارهێنانی توانستەکان و ئامرازە بەردەستەکانە بە ڕێگەیەکی نموونەیی بۆ هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان بە باشترین شێوە، بە واتای ئەوەی ڕێگای دیاریکراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفت، یاخود شێوازی کرداری بۆ هێنانەدی ئامانجێک (شاهین، 2011، 22).

ـ پێناسەی ڕێکاری: بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن مامۆستاوە تێدا هەموو ڕێگا و تەکنیک وڕێکارەکان لە خۆدەگرێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەو بابەتەی مامۆستا دەیڵێتەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

2.6.1 ستراتیژیەتی ئێسکە (پەیکەری ) ماسی:

یەکێکە لە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی مۆدرێن قوتابی بەشداری لە وانەکە دەکات، ئەم ستراتیژە بە دیالۆگ نیشاندەدرێت کە لە سەری ماسییەک و ئێسکە پەیکەرەکەی لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ قوتابییان بەکاردەهێنرێت کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبنەوە کە پەیوەندی بە بابەتێکی دیاریکراو هەیە، ئەمەش وای لێدەکات بە دوای هۆکارە ڕاستەقینەکانی بگەڕێت و بگات بە چارەسەری کێشەکە (أحمد، 2019،316).

ـ پێناسەی ڕێکاری: بە یەکێک لە ستراتیژە کاراکانی وانەوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا دادەنرێت، کە قوتابی دەکاتە چەق و ئارەزوو بۆ کاروچالاکی نوێ بەشداری لە وانەکە دەکات، تیشک دەخاتە سەر کارلێکی نێوان مامۆستا و قوتابی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و گەیشتن بە ئامانجی فێربوون.

3.6.1 پاڵنەری دەستکەوت: پاڵنەری دەستکەوت حاڵەتێکی ناوەخۆیی پەیوەست بە تاکە بە پێی جیاوازی بیرکردنەوەی تاکەکان دەگۆڕێت بۆ ئەو چالاکییەی کە ئەنجامی دەدات و ئاڕاستەی دەکات بە پێی پلانێکی بۆ داڕێژراو، تاکو بگاتە ئەو

ئامانجەی کە خۆی بڕوای پێیەتی (الساکر،2015 ،23).

_ پێناسەی ڕێکاری: واتە ئامادەکردنی قوتابی بۆ هەوڵدان بۆ سەرکەوتن، زاڵبون بەسەر سەختیەکان و گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەرزکردنەوەی ئاستی تاک و کۆنترۆڵکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەبار و کێبڕکێ لەگەڵ ئەوانی تر، ئەمەش بە پێی جیاوازی تاکایەتی دەگۆڕێت، کە مامۆستا مەبەستیەتی پاڵنەری قوتابی بە دیاربخات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەکەی دەوروبەر.

1.6. 4 مێژوو: _ مێژوونووسی ئەمەریکی (هێنری جۆنسۆن) دەڵێت: بە مانا فراوانەکەی مێژوو بریتییە لەوەی هەر شتێک کە لە ڕابردوو ڕوویدابێت خۆی لە خۆیدا ڕابردووە، ئینجا ئەو ڕابردووە هەر چۆنێک بێت (حسین، 2012، 29).

_ پێناسەی توێژەران: مێژوو کۆکراوەی ئەو ڕووداو و زانیارییانەیە کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە، لە پرۆگرامی فێرکاری کە لە چوارچێوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتییە، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دانراوە، پێکهاتووە لە پێنج بەند لە بەشی مێژووەکەی باس لە ڕووداو قۆناغە مێژووییەکانی میللەتە دێرینەکانی عێراق، هەروەها شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان دەکات.

## 2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### 2-1 چوارچێوەی تیۆری:

لەبەر ڕۆشنایی پێشەکەوتنی زانستی ئێستاو پەرەسەندنی بەردەوامی زانست، پێویستە گرنگی بە قوتابییان بدرێت لە ڕووی یارمەتیدانیان بۆ تێگەیشتن لە زانست و زانیاری نوێ، تاوەکو قوتابی ببێتە تەوەرەی سەرەکی وانەکە، و پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە، هاندانی بەکارهێنانی ستراتیژە کاراو چالاکەکان بەستنەوەی بە واقیعی ژیان و بیرکردنەوەی هەمەچەشن لە بارودۆخە جیاوازەکان جێبەجێیان بکات.

### 2_1_1 چەمکی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی:

ئەم ستراتیژە لەلایەن زانای ژاپۆنی (کارۆ ئیشیکاوا) (1915_1989)ز، بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ژاپۆنی لە بواری کوالیتی، دایەگرامی پەیکەری ئێسکە ماسی (ئیشیکاوا)، یان پێی دەوترێت دایەگرامی (هۆکار و کاریگەری کێشەکان) ناسراوە لە بابەتێک، کاری لەسەر کردووە و پەرەی پێداوە، هۆکاری ناونانی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی دایەگرامەکە لەسەر شێوەی لاشەی ماسیە دوای ئەوەی گۆشتەکەی لێ دەردەهێنرێت، سەری ماسییەکە نوێنەرایەتی کێشە سەرەکییەکە دەکات، هەر ئێسکێکی بڕبڕەی پشتی ماسیەکەش نوێنەراتی سەرەکی توخمەکان، یان هۆکارە کاریگەرەکانی کێشەکە دەکات، ئامرازێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی کێشەکان دیاریکردنی هۆکارەکان، بەشداری ئەو کەسانەی بەرپرسن لە کێشەکە، جا کێشەکە کەسی بێت، یان لەسەر ئاستی دامەزراوە، یان کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بێت (الأغا، 2013، 22).

### 2_1_2 گرنگی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی:

1. بۆ یارمەتیدان و ڕێکخستنی کۆمەڵێک ڕووداو.
2. پەیوەستکردنی زانیاری نوێ بە زانیاری کۆن.
3. بۆ جەختکردنەوە و تێگەیشتن، لەسەر کارلێکی نێوان (مامۆستا، قوتابی، بابەتی خوێندن) دەکاتەوە.
4. بۆ فراوانکردن و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دەق بەکاردێت.

5_ بۆ سەرنج خستە سەر هۆکار و کاریگەری و چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاردێت (عطیة، 2009، 80) .

### 2_1_3 تایبەتمەندییەکانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی :

1_ ڕێکخستنی بیرکردنەوەی قوتابییان و شیکردنەوەی هۆکار وکاریگەرییەکانی.

2_ ڕێگە بە قوتابییان دەدات گوێ لە بیرۆکەی کەسانی دەوروبەر بگرن و ڕێزیان لێ بگرن.

3_ڕێگە بە قوتابییان دەدات بیرکردنەوەی جیاواز و هەمەچەشن بەکاربهێنن.

4_ بەشداریکردن لەم پرۆسەیە دەرفەتی باش بۆ فێربوون لە ڕێگەی کارلێکی گروپەوە دەرەخسێنێت، ئەمەش یارمەتی هەر تاکێک دەدات سوود لە ئەزموونی بەشداربووان وەربگرێت (الأغا،2013، 26).

2_1_4 هەنگاوەکای جێبەجێکرنی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە پرۆسەی خوێندن و وانەوتنەوەدا:

1. دابەشکردنی قوتابییان بۆ سەر گروپی یەکسان (4) کەس.
2. ئەندامانی گروپەکە بیرۆکەی کێشەیەک دیاری دەکەن.
3. سەری ماسییەکە بریتییە لە (کێشە سەرەکییەکە).
4. هێڵکاری ئاسۆیی بڕبڕەی پشتی ماسیەکە، بریتییە لە هۆکارەکانی کێشەکە.
5. هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە لقی تری لاوەکی لێ دەبێتەوە.
6. گروپەکان هەڵدەستن بە خستەڕووی ئەنجامی کارەیان بۆ گروپەکانی تر.
7. گفتوگۆکردن لەسەر هەموو ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون (الريامي، 2004، 129-130).

2_1_5 ڕۆڵی مامۆستا لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە وانەووتنەوەدا:

1. ئاراستەکردنی قوتابییان بۆ خوێندنەوەیەکی ورد و تێگەیشتن لە ناونیشانی کێشەکە، پاشان ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن "چی دەزانم دەربارەی بابەتەکە؟ ".
2. پێویستی بەرهەمهێنانی زۆرترین بیرۆکە (چارەسەر).
3. تۆمارکردنی بیرۆکەی قوتابییان لەسەر لق و پۆپەکانی ئێسکەکان.
4. ئاگادارکردنەوەی قوتابییان لە پەیوەست بوون بە کات لە هەر هەنگاو و قۆناغێک.
5. نووسینی بیرۆکەی پەیوەست بە بابەتەکە لەسەر تەختە سپی (الدبيسي،2012، 248)، (عزيز،2021، 70).

2_1_6 ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی:

بابەتەکە دەخوێنێتەوە، بیردەکاتەوە ئەو بیرۆکانەی خراوەتە ڕوو هەڵیدەبژێرێت.
پرسیاری پێویستییە مەعریفییەکان جێبەجێدەکات، پشتبەست بە زانیارییەکانی پێشوو.
بیرکردنەوەی سەربەخۆ لەسەر ئەو بیرۆکانە پراکتیزە دەکات کە بابەتە لەخۆ دەگرێت.
بیرۆکەکان بابەتەکە پۆلین دەکات بۆ بابەتی سەرەکی و لاوەکی.
بیرکردنەوە و ڕاهێنان و پراکتیزەکردن لەگەڵ ئەندامانی گروپەکە.
مشتومڕ و گفتوگۆکردن لە ناو پۆلدا.
ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و جێگیرکردنی خاڵە سەرەکییەکان (البركاتي،2008، 100) .

2_1_7 لایەنە بەسوودەکانی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی:

هاوکاری قوتابییان دەبێت لە فێربوون بە بیرکرنەوە و تێگەیشتن.
کارامەیی هەڵسەنگاندنی دەق و زانیاری لای قوتابییان گەشەپێدەدات.
سوود لە بیروڕای یەکتر وەردەگرن.
یارمەتیدەرێکی باشە بۆ فێربوون و کارکردن بە گروپ.
بڕواهێنانە بەچارەسەری کێشەکان (عزيز، 2021، 71) .

2_1_8 دایەگرامی ئێسکە ماسی (وێناکردن):

وێناکردن نمایشێکی وێنەیی نیشاندانە، کە پەیوەندییەکانی نێوان ڕاستییەکان و چەمکەکان و بیرۆکەکان لە چوارچێوەی ئەرکێکی پەروەردەییدا نیشاندەدات (الأغا، 2013، 27).

لەمانەی سەرەوە توێژەران بۆیان دەردەکەوێت، کە ستراتیژی ئێسکە ماسی بەشێکە لە وێناکردنی نەخشەیی، لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە بۆمان ڕووندەبێتەوە.

2_1_9 گرنگی وێناکردن:

1. زانیارییەکان لە شێوەی زانیاری بینراودا دەخرێتە ڕوو.
2. دەرفەت دەدات بە قوتابی کە بە شێوەی دەربڕین بیربکاتەوە.
3. دەرفەت دەدات بە قوتابی کە بەشەکان بەراورد بکات.

4. وروژاندنی سەرنج و چەسپاندنی زانیارییەکان لە مێشکی قوتابی زیاد دەکات.

کەواتە وێناکردن لەسەرەتادا لە ڕێگەی ئامرازی بینراوەوە گرنگی خۆی بەدەستهێنا، چونکە ئامرازی بینراو نوێنەرایەتی ئازادی بیرۆکە و شتەکان دەکات، لەبەر ئەوەی تاک باشتر هەست بەو شتانە دەکات کە دەبینرێت لەوەی بیانخوێنێتەوە، یان بیانبیستێت (عسقول،172،2006).

2_1_10 جۆرەکانی ویناکردن:

(Hall,& Strangman 2002) باسی زۆر جۆری وێناکردنی کردووە لەوانە:

هێلکاری دایاگرامی (ئێسکە ماسی، نەخشەی وەسفی، درەختی تۆڕی چاو، نەخشەی جاڵجاڵۆکە، نەخشەی کێشەو چارەسەر، نەخشەی بازنەیی، نەخشەی بەراوردکردنی زنجیرە ڕووداوی یەک لە دوای یەک، هێڵکاری کارلێککارانە) (Hall,& Strangman 2002, 1-3).

2_1_11 تایبەتمەندییەکانی وێناکردن:

عطیة (2009) باس لە گرنگترین تایبەتمەنییەکانی وێناکردن دەکات وەک:

1. ئامانجدارە و گوزارشت لە مانای بیرۆکەو شتەکان و پرۆسەکان دەکات.

2. یەکەی بیناسازی بۆ وێنەکێشان و دەستنووسەکان.

3. تیشک دەخاتە لەسەر هێڵە بنەڕەتییەکانی ناو وێنەکێشانەکە و نوێنەرایەتی دەکات بەبێ ئەوەی سنووردار بێت.

4. بەکارهێنانی هێمای بینراو کە بەندە بە هەستی بینین لەلای قوتابییانەوە (عطیة،2009، 80 ).

2_1_12 چەمکی پاڵنەر:

پاڵنەر چەمکێکی گریمانەیە، لەسەر ئاستی خوێندن پاڵنەر بەیەکێک لە گۆڕانکاریە گرنگەکان دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی قوتابی و پێشکەوتنی و گونجاندنی، (حمید، 2006) پێی وایە کە پاڵنەر هێزێکی جولێنەرە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بە گشتی و پەروەردە بەتایبەتی، چونکە فێربوون کردارێکە ناتوانرێت لای قوتابی دروستبکرێت، ئەگەر قوتابییەکە بەشێکی باش لە پاڵنەری تێدا نەبێت، بۆیە مامۆستا هانی قوتابی دەدات دەیان وروژێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون (حمید، 2006، 29_30) .

پێکهاتەکانیشی بریتیین لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بۆ بەدیهێنانی ئاستی خواستی بەرز، کارکردنی زیاتر، هەستکردن بە گرنگی کات، پلاندانان بۆ کارکردن لە داهاتوودا (خلیفە، 2000، 97).

2_1_13جۆرەکانی پاڵنەر:

پاڵنەری مرۆڤ زۆرن لە ژماردن نایەن، بە تایبەت پاڵنەرە وەرگیراوەکان، بەڵام لەگەل ئەمەدا زانایان و بسپۆرانی بواری دەروونناسی هەوڵیانداوە پاڵنەرەکان پۆلینبکەن، بەسەر چەند جۆرێک وەک:

یەکەم: پاڵنەرە بۆماوەییەکان: ئەم جۆرەیان لەسەرەتای ژیانی مرۆڤدا دروستدەبێت، کە بریتییە لە ڕەمەکە بایەلۆجیەکان کە لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤ دروستدەبن، پێویستی بە فێربوون نیە، وەک: (نوستن، برسیەتی، تینوویەتی، هەناسەدان، پلەی گەرمی، حەز و ئارەزوو) (عزیز، 2014، 75).

دووەم: پاڵنەرە دەرەکییەکان (وەرگیراوەکان): مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی وەریدەگرێت، لە ڕێگەی کارلێککردن لە ژینگەی ماددی و کۆمەڵایەتی، وەک (پێویستی هاوڕێیەتی، پاڵنەرە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، شارستانییەکان، پاڵنەرە کۆمەڵایەتییە تاکییەکان وەک حەز و ئارەزوو، پاڵنەری ژیان لە ناو کۆمەڵگە وە بەرگە نەگرتنی تەنیایی) (قەرەچەتانی،2015، 87).

2_1_14 تیۆرەکانی پاڵنەر:

چەندین تیۆری جیاواز و جۆراوجۆر هەیە، لە بارەی پاڵنەرەوە کە هەوڵیانداوە ڕاڤەی پاڵنەر و فاکتەرەکانی پاڵنەر لای مرۆڤ بکەن، لای خوارەوە چەندین تیرۆرمان خستۆتەڕوو لەوانە:

1. تیۆری ڕەفتارگەرایی_سکینەر (1904۔ 1990): لێکۆلەرێکی ئەمەریکییە لە بواری دەرونزانی و سەر بە قوتابخانەی ڕەفتارییە، لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە پاڵنەر بە هۆی چەند وروژێنەرێکی ناوەکی، یان دەرەکی لەلای تاک

سەرهەڵدەدات، بە شێوەیەک تاک وەکو کاردانەوەیەکی وروژێنەر، یان چالاکی دەنوێنێت (الزغلول، 2015، 252).

2. تیۆری مەعریفی:

ڕاڤەکردنە مەعریفییەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیر و ئیرادەیەکی وای هەیە، دەتوانێت ئەو بڕیارانەی حەزی لێدەکات بیدات، ئەو ڕاڤەکردنە جەخت لەسەر لایەنی خۆیی لە کەسەکەدا دەکاتەوە، یارمەتی قوتابی دەدات، بەتایبەت بۆ وەڵامدانەوەی شتە نوێ و نامۆ و ئاڵۆزەکان، لە ژینگەی دەوروبەری، ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ توانای زیاتری فێربوون (بطرس، 2010، 390).

3. تیۆری مرۆڤایەتی (هیومانیستی):

ئەم تیۆرە بە گرنگترین تیۆرەکانی بواری مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە بە تیۆرەکەی (ماسلۆ) ناسراوە، "ئەبراهام ماسلۆ (1908 ـ 1970) لێکۆلەرێکی ئەمەریکی بواری دەرونزانییە خاوەنی تیۆری هیومانستییە" بە بڕوای ماسلۆ پاڵنە مرۆڤایەتییەکان بە شێوەی قوچەکی گەشەدەکەن، کە بە پێداویستییە فیسیۆلۆژییەکان گەشەدەکەن و دواتر بەرەو هێنانەدی و بەدەستهێنانی خود سەردەکەوێت (قەرەچەتانی، 2006، 104)، ناوەڕاستی پێواویستییەکان بریتییە لە پێداویستی (ئاسایش و دڵنیایی، خۆشەویستی و ئینتیما، ڕێزگرتنی خود) کە لە ساڵی (1945) ئەم قوچەی پێداویتییانەی بۆ پاڵنەر دانا (العتوم و ئەوانی تر، 2011، 179).

2_1_15 ڕۆڵی مامۆستا لە گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابی:

1_ پێویستە مامۆستا ئەو هەنگاوە گرنگانە دەستنیشان بکات کە دەیەوێت فێری قوتابی بکات، بە شێوەیەک ببێتە هۆی تێگەیشتنی قوتابییەکان، لەو هەڵوێستەی کە کاری تێدا دەکات.

2_ پێویستە مامۆستا شارەزاییەکی باشی هەبێت، لەسەر جۆرەکانی پاڵنەر لە کاتی وانەوتنەوەدا، تاوەکو بتوانێت پاڵنەرە جیاوازەکانی قوتابییان دیاری بکات.

3_ پێویستە مامۆستا بە تەواوی لە مانای پاڵنەر بگات، تاوەکو بتوانێت ئاڕاستەی جۆری خوێندنێکی گونجاو و باشتر بکات، بۆ دەستکەوتنی باشترین شارەزایی (کریم، 2014، 65).

2_1_16 کارەکانی پاڵنەر:

پاڵنەر چەندین کاری هەیە ( زانا ئورمورد،1995) پێی وایە پاڵنەر چوار جۆر و ئەرکی سەرەکی هەیە لەوانە:

1. وروژاندن و بەرهەمهێنانی ڕەفتار: پاڵنەر هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجامبدات، تاکو دەستکەوتی ئەرێنی بەدەست بهێنێت.

2. ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بەرەو ئامانج: پاڵنەر کاریگەری هەیە، لەسەر ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، چونکە لە کاتی بوونی پاڵنەری بەهێز ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت، بە گرنگی دەزانێت و هەوڵدەدات لە کاتی پێویست کاریان پێبکات (عزیز، 2014، 73).

3. پاڵنەر کاریگەری هەیە لەسەر پێشنەکانمان بەرامبەر بە شتەکان: پێشینەی مرۆڤ پەیوەستە بە شارەزاییەکانی ڕابردوو وەک سەرکەوتن لە شکستەکان کە دووچاری دەبێتەوە.

4. بەردەوامی درێژە بە ڕەفتار دەدات: مرۆڤ دەرەنجامێکی باش لە کارەکان بەدەست دێنێت (الزغلول، 2015، 24).

2.2 توێژینەوەکانی پێشوو:

2 . 2. 1 خستنەڕوو و بەراوردی توێژینەوەکانی پێشوو. بڕوانە خشتەی (1)

**خشتەی (1) خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەر وساڵ | ئامانجی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە | شوێن | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **أحمد** (2019) | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە فێرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، لە دەستکەوت و پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی بیناو لای قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی. | ئەزموونی | (35) قوتابی لە قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی | قوتابخانەی (عبدالمحسن) ( تاهر رزق لە پارێزگای ئەسوان | لە دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی وتاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بیناو، جیاوازیەکی ئاماری بەرچاو هەیە لە لە ئاستی (0001) لە نێوان تێکرای نمرەی ئەو قوتابییانەی گروپی تاقیکاری بە بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکە ماسی بابەتەکەیان خوێندووە، |
| 2 | **الدبيسى** (2012) | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکی ماسی لە پەرەپێدانی چەمکەکاندا و خوێندنی زانستی لە بابەتی زانستدا | ئەزموونی | (40) لە ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابییانی پۆلی چوارەمی ی بنەڕەتی | قوتابخانەی ناوچەی غزلانیە لە پارێزگای دیمەشق | بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بۆ وانەوتنەوە یارمەتی قوتابییدا لە ڕێکخستن وەرگرتنی زانیاری نوێ بەشداریکردن لە پرسیاری داهێنەرانە، تێگەیشتن و بەستنەوەی زانیارییەکان بە ژیانی واقعی ڕۆژانەی قوتابی |
| 3 | **نەقشبەندی** (2009) | . کاریگەری بەکارهێنانی نەخشەی چەمک وەک ستراتیژی وانەوتنەوە و ڕێکخەرانی پێشکەوتوو لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی کچی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو پاڵنەرەکانییان بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی | ئەزموونی | (87) قوتابی ڕەگەزی (مێ) پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، بابەتی مێژوو | دهۆک | جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان تێکرای نمرەی قوتابییانی کچی گروپی تاقیکاری و گروپی کۆنترۆڵکراو لەهەردوو تاقیکردنەوی دەستکەوت و پاڵنەری دەستکەوتی ئەکادیمی، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی ستراتیژی نەخشەی چەمکەکان لە وانەوتنەوە خوێندوویانە،جیاوازیەکی ئاماری بەرچاو لە تێکرا نمرەکانی قوتابیان لە گروپی تاقیکاری |
| 4 | **قاضی** (2016) | . کاریگەری سیستەمە هێلکارییە مەعریفییەکان بە ستراتیژی (T.P.S) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا | ئەزموونی | (56) قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو | قوتابخانەی (ئارياس)ی بنەڕەتی کوران لە شاری سلێمانی | ئەو ئەنجامانەی کە بەکارهێنانی سیستەمە هێلکارییە مەعریفییەکان بە ستراتیژی (T.P.S) لە وانەوتنەوەی مێژوو کاریگەرییەکی چالاک و ئەرێنیە لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنانی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | **شواشرا (2007)** | گاریگەری بەرنامەی ڕێنمایی پەروەردەیی لە هاندانی پاڵنەرەکانی دەستکەوت لە نێوان قوتابییاندا کە بە دەست پاڵنەرێکی کەمەوە دەناڵێنێت لە دەستکەوتی ئەکادیمیدا. | ئەزموونی | (58) قوتابی لە تەمەنی (16 ،15) ساڵی، لە پۆلی (10) ڕەگەزی (نێرومێ) | قوتابخانەی ناوەندی هاشمییە لە پارێزگای عجلون لە ولاتی ئەردەن | جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ئەو قوتابیانەی کەبەپێی ئارەزووەکانیان ئاراستەکرابوون و ئەوانەی ڕێز لە خواستەکانیان نەگیرا، ئەو قوتابییانەی کە بە پێی ئارەزووەکانیان ڕێنمایی نەکرابوون بە دەست پاڵنەرێکی کەم بۆ دەستکەوت و دەستکەوتی ئەکادیمی خوێندنیان دەناڵێنن، و نەبوونی ئارەزووی مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکییە پەروەردەییە جیاوازەکان |

**2- 2 . 2 بەراوردنی توێژینەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە:**

توێژەران لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە توێژینەوەکانی تری پێشووی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، لەسەر ستراتیژیەتی (ئێسکە پەیکەری ماسی) بۆمان ڕوون بوویەوە کە جیاوازی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەوەدایە بە بەراوورد لەگەڵ توێژینەوەکانی تر لە ڕووی (ئامانج، ڕێباز، نموونەی توێژینەوە، کێشەی توێژینەوە، شوێن( ژینگەی جیاواز)، تەمەن، ڕەگەز، ساڵ، ئەنجامەکان) جیاوازی بەدیدەکرێت، چونکە بە پێی ژینگەی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە ئەنجاممان داوە لەگەڵ ژینگەی کوردستان دەنگونجێت بۆ ژینگەیەکی تر پێوەرەکانی جیاواز دەبێت، بە پێی نموونە و تەمەن و ڕەگەز...شوێنێکی تر.

**2_2_ 3 سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەران لە چەند لایەنێکەوە سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیووە لەوانە:

1. سوود بینین لەڕووی دیاریکردنی ئامانجەکان و گریمانەکانی توێژینەوەکە.
2. دەستنیشانکردنی کۆمەڵگە و قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە.
4. سوود وەرگرتن لە ڕووی بەکارهێنانی چارەسەری ئامرازە ئامارییەکان.
5. سوود وەرگرتن لە دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان.

**3 . ڕێبازی توێژینەوەکەو ڕێکارەکانی:**

**3 . 1 ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەران لەم بەشەی توێژینەوەیە ڕێوشوێنی هەنگاوەکانی توێژینەوەکە جێبەجێدەکەن، مەبەست لێی دیاریکردنی (دیزاین و کۆمەڵگا و نموونەی) وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە و چۆنییەتی ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی نەگۆڕی ئامرازەکە و کۆکردنەوەی زانیاری، پراکتیزەکردنی ئامرازەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان کە لە توێژینەوە بەکارهاتوون، بەم شێوەی خوارەوە:

**3 – 2 – ڕێبازی ئەزموونی:**

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا پشتیبان بەو دیزاینە بەستووە کە پێی دەڵێن دیزایینی ئەزموونی، گروپی هاوسەنگ بە تاقیکرنەوەی پێشی و پاشی **(فان دالين,2007، 303–304)** . توێژەران بەرنامە و ڕێبازی ئەزموونییان بەکارهێناوە لەبەر گونجاوی لەگەڵ گیروگرفتی توێژینەوەکە، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، کە لە دوو گروپ پێکدێت گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزموونی بە پێی ستراتیژی ئێسکە ماسی بابەت وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکراویش هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وەردەگرن، بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ

گۆڕاوی توێژینەوەکە کە پاڵنەری دەستکەوتی خوێندنە لە بابەتی کۆمەڵایەتی بەشی یەکەم مێژوو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی (2) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە**

| گروپی توێژینەوە | تاقیکردنەوەی پێشی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن | ستراتیژی ئێسکە ماسی | پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

## 3_ 3 کۆمەڵگا و بژاردەی توێژینەوە

### 3_ 3_1 کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان بریتییە لە سەرجەم قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر، ژمارەی قوتابخانەکان (257) قوتابخانەی بنەڕەتییە، ژمارەی قوتابییانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە (46,823) قوتابییە، (41) قوتابخانە پۆلی (7،8،9) ی لە خۆگرتووە، کە ژمارەیان ( 17967) قوتابییە، بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3) خستنەڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی جیاوازی ڕەگەز و ژمارە و ڕێژە**

| ڕەگەز | ژمارەی قوتابییان | ڕێژەی سەدی ڕەگەز لە کۆمەڵگا | ژمارەی قوتابخانە |
|---|---|---|---|
| نێر | 9,377 | % 52.2 | 257 |
| مێ | 8,588 | %47.8 | |
| کۆ | 17967 | %100 | |

### 3 – 3- 2 – بژاردەی نموونەی قوتابخانەو قوتابییانی توێژینەوە:

بژاردە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت و بە پێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکەی بکات **(داود و عبدالرحمن، 1990، 119)** توێژەران قوتابخانەی (سەفین یاسین)، یان هەڵبژارد بۆ ساڵی خوێندنی (2024 – 2025)، توێژەران بە مەبەست ئەم قوتابخانەیان هەڵبژارد بەهۆی، نزیکی قوتابخانە لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە، هەبوونی چوار (4) گروپی پۆلی حەوتەم لەم قوتابخانەیەدا، کە ئەمەش وای کرد توێژەران بەشێوەی هەڕەمی گروپەکان دیاری بکەن و هەڵبژێرن بۆ کرداری توێژینەوەکە، بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی (4) نموونەی بژاردەی توێژینەوە**

| گروپ | گروپی توێژینەوە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارە قوتابییان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| د | ئەزموونی | ستراتیژی ئێسکە ماسی | 30 | %50 |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 30 | %50 |
| کۆی گشتی | | | 60 | %100 |

### 3– 4 – هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوەکە:

پێویستە توێژەران هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو هاوسەنگ بکەن، لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندیداردا، وەک (تەمەنی قوتابییان، زیرەک لێکچوون، ئاستی خوێندەواری دایک و باوکی قوتابی، نمرەی پۆلی پاری قوتابی)، هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەردوو گروپەکەیان هاوسەنگ کرد لەم گۆڕاوانەی خوارەوە:

**یەکەم: ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابییان:**

توێژەران ئاستی خوێندەواری باوکی قوتابییانییان لە دۆسیەی قوتابییان لە کارگێڕی قوتابخانە و هەروەها لە ڕێگەی فۆرمێکی بەردەست لە قوتابییانەوە بەدەستهێنا، پاشان هاوسەنگی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەرهێنا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەهای (کای_سکوێر)و بەهای ئەگەری و دەرکردنی بڕیار بۆ هاوسەنگکردنی گروپەکان، بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5) ئاستی خوێندەواری باوکی قوتابییان:**

| گۆڕاو | پۆلێن | گروپی کۆنترۆڵکراو | | گروپی ئەزموونی | | بەهای کای-سکوێر | بەهای ئەگەری | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| خوێندەواری باوک | نەخوێندەوار | 0 | 0.0% | 2 | 3.3% | 5.967 | 0.309 | بەهادار نیە |
| | سەرەتایی | 11 | 18.3% | 13 | 21.7% | | | |
| | ناوەندی | 11 | 18.3% | 4 | 6.7% | | | |
| | ئامادەیی | 5 | 8.3% | 7 | 11.7% | | | |
| | پەیمانگا | 1 | 1.7% | 1 | 1.7% | | | |
| | بەکالۆریۆس بەسەرەوە | 2 | 3.3% | 3 | 5.0% | | | |

* چونکە 0.05<Sig

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەو خشتەی سەرەوە خراوەتە ڕوو بۆ پۆلێنی دووبارەبووەکانی ئاستی خوێندەواری باوکی قوتابییان، کەواتە بۆمان دەرکەوت بەهای (کا2) سکوێر (5.967) و بەهای ئەگەری یەکسانە بە (0.309) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵەی ڕێپێدراو، لە ئاستی (0.05)، ئەمەش مانای نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکە لە ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابییان.

**دووەم : ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابییان:**

توێژەران ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیانی لە دۆسیەی قوتابیان لە کارگێڕی قوتابخانە و لە ڕێگای فۆرمێکەوە لە قوتابیانەوە بەدەست هێنا بە پێی جۆری بڕوانامەی خوێندن، پاشان بە مەبەستی دڵنیابوون هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی توێینەوەکە لەم گۆڕاوەدا، زانیارییەکان خرانە ژێر چارەسەری ئامارییەوە بە بەکارهێنانی بەهای (کا2) سکوێر، خشتەی (6) ئەمە ڕووندەکاتەوە:

**خشتەی (6) ئاستی خوێندەواری دایکی قوتابییان**

| گۆڕاو | پۆلێن | گروپی کۆنترۆڵکراو | | گروپی ئەزموونی | | بەهای کای-سکوێر | بەهای ئەگەری | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| خوێندەواری دایک | نەخوێندەوار | 4 | 6.7% | 4 | 6.7% | 4.072 | 0.539 | بەهادار نیە |
| | سەرەتایی | 9 | 15.0% | 14 | 23.3% | | | |
| | ناوەندی | 7 | 11.7% | 4 | 6.7% | | | |
| | ئامادەیی | 5 | 8.3% | 3 | 5.0% | | | |
| | پەیمانگا | 2 | 3.3% | 4 | 6.7% | | | |
| | بەکالۆریۆس بەسەرەوە | 3 | 5.0% | 1 | 1.7% | | | |

* چونکە 0.05<Sig

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەویت، کە بەهای (کا2) سکوێر یەکسانە بە (4.072) بە بەهای ئەگەری (0.539) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (0.05)، ئەمەش مانای نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم

گۆڕاوەدا.

**سێیەم : تەمەنی قوتابیان:** توێژەرات تەمەنی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە ڕێگەی تۆماری تایبەت بە قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە وەرگرت، سەرەڕای دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بەسەر قوتابییاندا بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژو مانگ و ساڵی لە دایک بوون دیاریکرد، تەمەنی قوتابییان بە شێوەیەکی گشتی لە یەک نزیک بوون، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی سەربەخۆ) بۆ هەر دوو بژاردەی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، بۆ دیاریکردنی تەمەنی قوتابییان، بە مەبەستی زانینی جیاوازی مانادداری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپ، بڕوانە خشتەی (7).

**خشتەی (7) هاوسەنگی نێوان گروپی (ئەزموونی _ کۆنترڵکراو) بۆ گۆڕاوی (تەمەنی قوتابییان)**

| گۆڕاو | کۆمەڵە | ژ.بژاردە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بەهای (t-test) | بەهای ئەگەری | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | کۆنترۆڵکراو | 30 | 152.40 | 7.55 | 1.378 | 0.882 | بەهادار نیە |
| | ئەزموونی | 30 | 152.77 | 11.10 | | | |

لە ئەنجامدا لەم خشتەی سەروە بۆمان بەدەرکەوت هەر دوو گروپ جیاوازی مانادداری ئاماری نیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی گروپی ئەزموونی (152.40) گروپی کۆنترڵکراو (152.77)، بۆ هەردوو گروپەکە بەهای ئەگەری (0.882) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (0.05)، کەواتە قوتابییانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگ و یەکسانن.

**چوارەم : نمرەی زیرەکی لێکچوون :**

توێژەران پشتیان بە تاقیکردنەوەی ڕافن (Raven) بەستووە (أ،ب،ج،ت،ە)، بۆ دیاریکردنی نمرەی زیرەکی لێکچوونی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترڵکراوی قوتابییان، کە بۆ ژینگەی کوردستان گونجاوە، ئەویش بە دابەشکردنی فۆرمی پرسیارەکان، کە لە (60) پرسیار پێکهاتووە هەر پرسیارێک بەرامبەر (1) نمرەیە، لە ماوەی (40) خولەک دەبێت، قوتابی وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، تاقیکردنەوەکە لە یەک کاتدا بەسەر هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرا، پاشان ناوەندە ژمێرەیی بۆ هەردوو کۆمەڵە دەرهێنرا، دواتر بۆ زانینی جیاوازی بەهاداری ئاماری نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T.test)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێناوە و بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵە، بڕوانە خشتەی (8):

**خشتەی (8) هاوسەنگی نێوان گروپی (ئەزموونی _ کۆنترڵکراو) بۆ گۆڕاوی (زیرەکی لێکچوون)**

| گۆڕاو | کۆمەڵە | ژ.بژاردە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بەهای (t-test) | بەهای ئەگەری | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی لێکچوون | کۆنترۆڵکراو | 30 | 37.07 | 6.55 | 1.197 | 0.969 | بەهادار نیە |
| | ئەزموونی | 30 | 37.13 | 6.50 | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێرەیەکەدا، لەبەرئەوەی بەهای چاوەڕوانکراو (0.969) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (0.05)، کەواتە قوتابیانی هەردوو کۆمەڵە هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی لێکچوون.

**پێنجەم : هاوسەنگی گروپی (ئەزموونی _ کۆنترڵکراو) بۆ گۆڕاوی (نمرەی پۆلی شەشەم)**

توێژەران بە مەبەستی هاوسەنگکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/مێژووی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، هەڵسان بە وەرگرتنی تۆماری تایبەت بە نمرەی قوتابیان لە کارگێری قوتابخانەکە، پاشان داتا تۆمارکراوەکان خرانە ژێر چارەسەری ئامارییەوە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T.test)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێناوە و بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵە، دواتر

ناوەندەژمێری بۆ هەردوو کۆمەڵە دەرهێنرا، کە گروپی ئەزموونی (30) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکراو (30) قوتابی بوو، بڕوانە خشتەی (9).

**خشتەی (9) گۆڕاوی (نمرەی پار ساڵ)ی بۆ هەردوو گروپی قوتابیان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.**

| گۆڕاو | گروپ | ژ.بژاردە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بەهای (t-test) | بەهای ئەگەری | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی پۆلی شەش | کۆنترۆڵکراو | 30 | 74.23 | 16.09 | 2.938 | 0.265 | بەهادار نیە |
| | ئەزموونی | 30 | 69.50 | 16.46 | | | |

لەم خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بەهای ئەگەری یەکسانە بە (0.265) کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (0.05)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، وە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە بۆ گۆڕاوی نمرەی پار ساڵی قوتابی، کە دەکاتە نمرەی پۆلی شەشەم.

**3 . 5 ڕێکخستنی فاکتەرە ناوکییەکانی پەیوەست بەئەزموونی توێژینەوەکە:**

**1- بابەتی خوێندن:** توێژەران لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی–بەشی مێژوویان هەڵبژارد لە وەرزی یەکەم، ئەو بەندانەی دیاریکرا بۆ ماوەی ئەزموونییەکە پێکدەهات لە: بەندی یەکەم و دووەم و سێیەم (چاخە مێژووییە کۆنەکان، میللەتە دێرینەکانی عێراق، میللەتە دێرینەکانی کوردستان)، کە بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە.

**2- مامۆستا:** یەکێک لە توێژەران، لە شوێنی مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان وەک مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم وانەیان بە گروپی ئەزموونی دەگوتەوە بەپێی ستراتیژی ئێسکەماسی، هاوکات مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لەم قوتابخانەیە وانەی کۆمەڵایەتی بە گروپی کۆنترۆڵکراو دەووتەوە.

**3. ماوەی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە:** جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر گروپی (ئەزموونی) توێژینەوەکە لە (2024\10\13) لە ڕۆژی یەک شەممە دەستپێکرد، تاوەکو (2024\11\26)، بەڵام لەم ماوەدا (10\22) بۆ ماوەی یەک هەفتە بووە پشوو بە هۆی پرۆسەی هەڵبژاردن، (11\20) پرۆسەی سەرژمێری، پاشان بەردەوام بووین لە وانەوتنەوە تاوەکو ڕۆژی سێشەممە (2024/11\26) کاری ئەزموونەکە کۆتایی هات، ماوەی دروستی وانەوتنەوە بە پێی ستراتی ئێسکە پەیکەرە ماسی بۆ قوتابییانی گروپی ئەزموونی بریتی بوو لە (6 ) شەش هەفتە، لە هەر هەفتەیەکدا (2) دوو بەشەوانە دەخوێنرا، لە ڕۆژانی (یەکشەممە)، (سێ شەممە) وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی پلانی ڕۆژانەی بابەت دەخوێندرا، بۆ هەر وانەیەک پلانێک لە کۆی (12) بەشە وانە (12) پلانی ڕۆژانە لە دەفتەر پلان نووسراوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، **بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1)**، نموونەی پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانەی مامۆستا بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

**4–هۆکارەکانی فێرکردن:** توێژەران وەک مامۆستا ئامراز و هۆکاری جۆراوجۆری فێرکردنی گونجاویان بۆ هەر بابەتێکی وانەوتنەوەی بەپێی سروشتی بابەتەکە ئامرازەکانی پەیوەندییان بە جیاوازی بەکاردەهێنا بۆ گروپی ئەزموونی توێژینەوەکە وەک: (وایت بۆرد، داتا شۆ، وێنە، نەخشە، قەڵەم ڕەگ، چالاکی جۆراوجۆر...).

**3 . 6 ئامرازی توێژینەوە:**

**3 . 6 . 1 پێوەری پاڵنەری دەستکەوت بۆ قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی:**

توێژەران پێوەری پاڵنەری دەستکەوتیان ئامادەکرد بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**3 . 6 . 2 ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەر:** پاش گەڕانەوەی توێژەران بۆ توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو سەرچاوە زانستیانەی کە پەیوەندیان بە پێکهاتە و تایبەتمەندی نموونەی توێژینەوەکەوە هەیە، توێژەران هەستان بە دانانی بڕگەکانی پێوەرەکە بە گەڕانەوە بۆ ئەم توێژینەوانە: توێژینەوەی **(حسۆ، 2014)، توێژینەوەی (أبوزید، 2023 )**، بڕگەکان دیاریکران کە پێکهاتبوون لە (28) بڕگەی ئەرێنی و نەرێنی، ئەمەش پشتییان بە کۆمەڵێک بنەما بەستووە لە داڕشتنی بڕگەکاندا کە بریتیین لە: پێویستە هەر بڕگەیەک لەسەر یەک بیرۆکە هەژمار بکرێت، هەروەها پێویستە کورت بێت و بە زمانێک بێت

کە نمونەی توێژینەوەکە لێی تێبگات.

**3.6 . 3 دیاریکردن جێگرەوە و هێزی برگەکان بۆ پێوەری پاڵنەری دەستکەوت:**

بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بەرێگەی لیکرت لە وەڵامدانەوە (شێوازی پێنجینەیی) بەستووە، ئەم رێگایە بە یەکێک لەو رێگایانە دادەنرێت کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، بەوەش دەناسرێتەوە کە ئامرازگەلێکی وایان تێدایە توانای پێوانەکردنی نمرەی هەیە **(حەمەدەمین 2023، 52 ، گۆڤاری زانکۆ،ژ2)** .

توێژەران بە مەبەستی زانینی رادەی هاوسەنگی گروپەکان، ئەم پێوەرەی راستکردەوە بۆ جێگرەوەی هێزی برگەکان کە پێکهاتووە لە پێنج جێگرەوە (زۆر رازیم، رازیم، بێ لایەنم، رازی نیم، بەهیچ جۆرێک رازی نیم) نمرەی (1،2،3،4،5) **بۆ زیاتر زانیاری بروانە پاشکۆی ژمارە (3)** پێوەری برگەکان بۆ هەر برگەیەک لە برگەکان، کۆی گشتی برگەکان (28) برگەیە، هاوکات هێزی برگەکان لە خشتەی (10) دیارە:

**خشتەی (10) روونکردنەوەی دابەشکردنی نمرەکانی وەڵامدانەوە لەسەر برگەکانی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت**

| برگەی ئەرێنی | زۆر رازیم | رازیم | بێلایەنم | رازی نیم | بەهیچ جۆرێک رازی نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| هێزی برگە | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

**3 . 6 . 4 راستی رواڵەتی (رووکەشی) پێوەری پاڵنەری دەستکەوت:**

راستی رووکەشی ئاماژەکرنە بۆ مەودای پێوانەکردنی تاقیکردنەوە بۆ ئەو مەبەستەی کە بە رووکەش بۆی دانراوە **(العزاوي، 2008، 9)** .

دوای ئامادەکردنی برگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان، بە مەبەستی راستی و دروستی برگەکان و راستی پێوەرەکە، توێژەران خستییانە بەردەستی ژمارەیەک لە بسپۆر و شارازایانی تایبەت بە (رێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن) لە رێکەوتی ( 10/2/ 2024) بۆ زانینی گونجاوی برگەکانی پێوەرەکە و دروستی لە دارشتنی هەر برگەیەک، جێگرەوە و هێزی برگەکان، پاش وەرگرتنی بۆچوونیان دەربارەی تەواوی پێوەرەکە، لە ژێر رۆشنایی بۆچوون و تێبینییەکانیان، توێژەران هەستان بە شیکردنەوەی وەڵامەکانیان و رێکخستنەوەی زمانەوانی و واتایی هەر برگەیەک کە تێبینیان لەسەر هەبووە، دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی جەی کۆپەر (J. Cooper) بۆ دۆزینەوەی رێژەی هاورابوونی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەرەکە کە ئەگەر هات و رێژەی رازیبوونی شارەزایان لەنێوان (70-100) بوو، ئەوا بە راستییەکی بەهێز دادەنرێت دەرکەوت کە رێژەی هاورابوون بریتییە لە (88%)، کەزیاتر لە نێوان بسپۆراندا رێپێدراوە بۆ برگەکانی پێوەرو گونجانی، بەم شێوەیە بسپۆران هاورابوون لەسەر مانەوەی سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە کە (28) برگەیە. بەم شێوەیە راستگۆیی رووکەشی بۆ تاقیکرنەوەکە دەرهێنرا، بۆ زیاتر زانیاری **بروانە پاشکۆی ژمارە (2)** .

**3 . 6 . 5 جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی راپرسی (العينة الاستطلاعية) :**

دوای ئامادەکردنی برگەکانی پێوەر، توێژەران پێوەرەکەیان لەسەر نموونەی راپرسی جێبەجێکرد کە پێکهاتبوو لە (80) قوتابی لە پۆلی حەوتەمی بنەرەتی لە (قوتابخانەی زاگرۆسی بنەرەتی کوران)، لە رێکەوتی (8\10\2024)، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم رێکارییە بۆ زانینی ئەمانەی خوارەوەیە:

1- زانینی ئاستی روونی پرسیارەکان.

2- دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی برگەکانی راپرسی، کە تێیدا تێکرای کاتی دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوە لەسەر برگەکانی راپرسی لە نێوان (33+24=57)÷ 2 کە تێکرا دەکاتە (28:30) خولەک.

3- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان.

4- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی ڕاستگۆیی گونجانی ناوەکی.

بۆ گەیشتن بە ڕاستگۆیی بنیاتنانی ڕاپرسی توێژەران پشتیان بەست بە هەردوو شێوازی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان و ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی بۆ فۆرمەکان، بەمەبەستی هێشتنەوەی، یان لابردنی برگەکان، کە توێژەران لەڕێگای نموونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان (80) فۆرم بوو بەدەستیان گەیشتبوو، وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**3 . 7 هێزی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت:**

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی برگە، ئاستی تواناکەیەتی بۆ جیاکردنەوەی لە نێوان کۆمەڵەی ئاست بەرز و کۆمەڵەی ئاست نزم. پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان توێژەران هەستان بەئەنجامدانی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی نمرەکان و ڕیزبەندیکردنییان لە بەرزەوە بۆ نزم.

2- وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ بەرزترین نمرە کە کۆمەڵەی بەرز دەنوێنێ، وە وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ نزمترین نمرە کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنی، پاشان دابەشکردنییان بۆ سێ چین، چینی یەکەم بەرزترین ئاست (27% جارانی 80) بکرێت =22 ، هەمان ڕێکاری بۆچینی دووەم کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنێ، بەهاو بەهاکانی دیکەش کە ژمارەیان (36%) بوو، لە جیاکارییەکانی برگەکان پشتگوێ خران. بەم شێوەیە (22) قوتابی لەکۆمەڵەی بەرز و (22) قوتابی لە کۆمەڵەی نزم وەرگیران کە کۆی هەردوو کۆمەڵە دەکاتە (44) قوتابی.

3- توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بەکارهێنا بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Sample t test) بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرییەکان بۆ نمرەی هەردوو کۆمەڵەی بەرزو نزم، بۆ هەر برگەیەک لە برگەکان، هەروەکو لە خشتەی (11) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (11) هێزی جیاکاری برگەکانی پێوەری پاڵنەری دەستکەت**

| ژ. برگە | کۆمەڵەی بەرز – نزم | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.36 | .790 | 3.232 | .002 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.59 | .796 | | | |
| 2 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.68 | .477 | 3.478 | .001 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 4.14 | .560 | | | |
| 3 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.86 | .351 | 4.012 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 4.14 | .774 | | | |
| 4 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 3.68 | 1.041 | 2.295 | .027 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.00 | .926 | | | |
| 5 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.82 | .395 | 7.706 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.68 | .568 | | | |
| 6 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.73 | .456 | 6.834 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.55 | .671 | | | |
| 7 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.00 | 1.195 | 2.460 | .018 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.27 | .703 | | | |
| 8 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.45 | .510 | 6.063 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.32 | .716 | | | |
| 9 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 3.23 | .869 | 2.449 | .019 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 2.59 | .854 | | | |
| 10 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.77 | .429 | 7.979 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.68 | .477 | | | |
| 11 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 2.27 | 1.032 | 4.010 | .000 | S |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 1.27 | .550 | | | |
| 12 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.14 | .834 | 2.108 | .041 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.50 | 1.144 | | | |
| 13 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.55 | .510 | 3.771 | .001 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.68 | .945 | | | |
| 14 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.36 | .902 | 3.600 | .001 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.50 | .673 | | | |
| 15 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.45 | .858 | 5.343 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 2.95 | .999 | | | |
| 16 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.64 | .492 | 3.897 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.82 | .853 | | | |
| 17 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 3.55 | 1.101 | 4.046 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 2.14 | 1.207 | | | |
| 18 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.68 | .477 | 4.811 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.86 | .640 | | | |
| 19 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.32 | .894 | 3.887 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.36 | .727 | | | |
| 20 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.55 | .596 | 3.965 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.59 | .959 | | | |
| 21 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.64 | 1.049 | 4.038 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.50 | .802 | | | |
| 22 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.45 | .800 | 3.511 | .001 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.73 | .550 | | | |
| 23 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.36 | .492 | 3.679 | .001 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.68 | .716 | | | |
| 24 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.68 | .477 | 5.661 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 3.73 | .631 | | | |
| 25 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.77 | .429 | 3.876 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 4.14 | .640 | | | |
| 26 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.50 | .598 | 5.952 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 2.23 | 1.688 | | | |
| 27 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.86 | .468 | 4.255 | .000 | S |
| | کۆمەڵەی نزم | 22 | 4.18 | .588 | | | |
| 28 | کۆمەڵەی بەرز | 22 | 4.68 | .477 | 5.845 | .000 | S |

بە تێڕوانینمان لە خشتەی سەرەوە، پاش بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی جیاکاری بە پشتبەستن بە ئەنجامەکان ئەگەر بەهای (Sig)ی هەر برگەیەک لە ئاستی (0.05) بەرزتربێت، ئەوا توێژەران بەبرگەیەکی جیاوازیان داناوە و لایانبردووە، سەرجەم برگەکان بەڵگەداری ئاماری بوون لە ئاستی (0.05).

**3 ـ 8 ڕاستی گونجانی ناوخۆیی بۆ پێوەری پاڵنەری دەستکەوت:**

توێژەران بەمەبەستی دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە ڕاستی گونجانی ناوخۆییان بەکارهێنا، چونکە ئەم

جیاوازییانەی تێدابوو:

1- پێوەرێکی گونجاومان لە برگەکان و ئەو ڕەهەندەی کە پێوەرەکە بەگشتی دەیپێوێت، پێشکەش دەکات.

2- توانای دەرخستنی بەیەکەوە بەستنی نێوان برگەکانی پێوەر(**النبهان، 2004، 243).**

توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆی گونجانی ناوخۆیی هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە پێکهاتبوو لە (80) قوتابی، پاشان هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پیرسون بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لەنێوان نمرەی گشتی و هەر برگەیەک پێوەرەکە، هەروەکو لەخشتەی (12) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (12) هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لەنێوان هەر برگەیەک لە برگەکانی پێوەر و نمرەی گشتی بۆ پێوەر**

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | Sig | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | Sig | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **3430. | 0.00 | 11 | **3880. | 0.01 | 21 | **3460. | 0.00 |
| 2 | **740.3 | 0.00 | 12 | **3240. | 0.00 | 22 | 0.487** | 0.00 |
| 3 | **840.3 | 0.00 | 13 | **960.2 | 0.01 | 23 | 0.490** | 0.00 |
| 4 | 1*40.2 | 30.0 | 14 | **590.4 | 0.00 | 24 | 0.597** | 0.00 |
| 5 | **40.61 | 0.00 | 15 | **020.4 | 0.00 | 25 | 0.426** | 0.00 |
| 6 | **620.6 | 0.00 | 16 | **340.4 | 0.00 | 26 | 0.681** | 0.00 |
| 7 | *500.2 | 0.00 | 17 | **4600. | 0.00 | 27 | 0.466** | 0.00 |
| 8 | **5980. | 0.00 | 18 | **750.5 | 0.00 | 28 | 0.578** | 0.00 |
| 9 | 9*70.2 | 10.0 | 19 | **790.4 | 0.00 | | | |
| 10 | **910.6 | 0.00 | 20 | **5630. | 0.00 | | | |

**بەڵگەداری ئاماریيە لە ئاستی (0.01) *بەڵگەداری ئاماریيە لە ئاستی (0.05 ).**

وەک لە خشتەی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، کە گشت برگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئامارییان هەیە، لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0.05)، بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig)ی هەر برگەیەک، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی بەدەستهاتوو دەردەکەوێت کە هەموو برگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی و ڕاستیان هەیە، بەم شێوەیە پێوەری پاڵنەری دەستکەوت بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهات لە (28) برگە.

**3 . 9 جێگیری پێوەر:**

بۆ دۆزینەوەی جێگیریی، توێژەران ئامرازی توێژینەوەکەی بەسەر تاکەکانی نمونەی دەستنیشانکراو دابەشکرد، جێگیریی بۆ ئامرازی توێژینەوەکە بە ڕێگەی (بەنیوەکردن) و هاوکۆلکەی (ئەلفاکرۆنباخ) دۆزرایەوە.

1- ڕێگەی بە نیوەکردن - Split Half :

توێژەران بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای بەنیوەکردن، پێوەرەکەی لەسەر (40) قوتابی نموونەی ڕاپرسی بەکارهێنا، توێژەران نموونەکەیان دابەشی دوو بەش کرد، بەشی یەکەم برگە تاکەکان و بەشی دووەم برگە جووتەکان، جێگیرییەکە بە ڕێگای هاوکۆلکەی پێرسون بریتیی بوو لە (0.846)، هەروەها بە ڕێگای سپێرمان براون بریتیبوو لە (0.917) ئەمیش جێگیرییەکی بەرزە و ڕێپێدراوە بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکە، وەک لە خشتەی (13) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (13) جێگیری پێوەری پاڵنەری دەستکەوت**

| جێگیری پێوەری پاڵنەری دەستکەوت | ژمارەی برگە | نموونە | پەیوەستبوون بەر لە ڕێکخستن | ڕێکخستنی هاوکۆلکە بەڕێگای سپێرمان براون |
|---|---|---|---|---|
| | 28 | 40 | 0.846 | 0.917 |

**ب- هاوکێشەی ئەلفا – کرونباخ ( Cronbach's Alpha) :**

هاوکێشەی (ئەلفا-کرونباخ) بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی تاقیکردنەوە، کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی پەیژەیین، بەهای

هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ ژماردنی پێوەری جێگیری لە وەرگرتنی بڕیار بۆ  پیوەری پاڵنەری دەستکەوت کە بریتیبوو لە (0.90)، ئەم ئەنجامەش جێگیرییەکی بەرز پێشاندەدات.

**3. 10 جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە:**

1. ئامادەکردنی بابەتی زانستی خوێندن کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتییە، بەپێی ستراتیژی وانەوتنەوەی ئێسکە ماسی.

2. ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت.

3. دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەری پاڵنەری دەستکەوت.

4. تاقیکردنەوەی چاوگە نموونە بەرێگای مەبەستدار، کە ئەمیش قوتابخانەی (سەفین یاسینی کوڕان) پۆلەکانی (7,8,9) لە خۆ گرتبوو، گروپی ئەزموونی بابەتەکە لەلایەن توێژەران وترایەوە لە پۆلی (د) بە پێی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی، پۆلەکانی تر لە لایەن مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانەکە بە شێوەی ئاسایی دەوتراوە لە پۆلەکانی (أ,ب,ج) کە گروپی (ب) وەک گروپی کۆنترۆڵکراو هەڵبژێردرا.

5. دڵنیابوون لەهاوشێوەیی کۆمەڵەکان بەر لەتاقیکردنەوەکە وەکو: ( تەمەنی قوتابییان، نمرەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەبابەتی کۆمەڵایەتی، دەستکەوتی زیرەکی، ئاستی خوێندەواری دایک و باوک) تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ پێوەری پاڵنەری دەستکەوت.

6. جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی توێژینەوە (العینة الاستطلاعیة)، بەمەبەستی زانینی هێزی جیاکاری برگەکان و ڕاستی گونجانی ناوخۆیی.

7. دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جێگیری بە هەر دوو ڕێگای (بەنیوەکردن) و (ئەلفا کرونباخ) فۆرمەکان لە قوتابخانەی (زاگرۆسی بنەڕەتی کوڕان) پێشکەشکران کە پێکهاتبوو لە (40) فۆرم.

8-وانەوتنەوەی هەردوو کۆمەڵەکە لەبەرواری ( 2024/10/13) تاکو (2024/11/26) بۆ ماوەی (6) هەفتە بەردەوام بوو، ژمارەی بەشەوانەکان بریتی بوو لە (2) بەشە وانە لە هەفتەیەکدا، هەربەشە وانەیەک ماوەکەی (40) خولەک بوو.

9. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت، دوای کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوە لەسەر گروپی ئەزموونی.

10. ڕاستکردنەوەی پەڕاوی تاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت پاشەکی و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان ئەمیش بە بەکارهێنانی هەگبەی (SPSS) بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکان و شیکردنەوەیان.

**3. 11 ئامرازە ئامارییەکان:**

توێژەران بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان (Statistical Package for Social Sciences) (SPSS) ئاماری بەکارهێناوە.

**4- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان:**

**4. 1 - گریمانەی سفری یەکەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ($\alpha$=0.05) لە ناوەندە ژمێری نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی دەخوێنن.

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی پێکەوەلکاو ( Paired Sample t test) بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی پاڵنەری دەستکەوت، هەروەک لە خشتەی (14) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو:

**خشتەی (14) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی لە نێوان کاتی (پێش - پاشی) بۆ گرووپی ئەزموونی**

| تاقیکردنەوە | | گرووپ | ژ.بژاردە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (t-test) | بەهای ئەگەری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری دەستکەوت | پێشەکی | ئەزموونی | 30 | 4.00 | 0.217 | 29 | 4.790 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| | پاشەکی | | 30 | 4.21 | 0.168 | | | | |

لە خشتەی (14) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی بەرایی بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای گروپی ئەزموونی بریتییە لە (4.00) بە لادانی پێوەری (0.217)، ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پاشەکی بریتییە لە (4.21) بە لادانی پێوەری (0.168) بەهای (T.test) بریتییە لە (4.790)، بە نرخی ئەگەری (Sig) (0.00) کە زۆر کەمترە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05)، ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئامارییە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بوونی هەیە، لای قوتابییانی چاوگە نموونەی ئەزموونی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، هەربۆیە گریمانەی سفری یەکەم ڕەتدەکەینەوە، گریمانەی جێگرەوە وەردەگرین: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندە ژمێری نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی دەخوێنن، ئەم ئەنجامانەش هاوڕان لەگەڵ توێژینەوەکانی (احمد،2019، دبیسی، 2012 ) .

2 **- گریمانەی سفری دووەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندەژمێری نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی لە پاڵنەری دەستکەوت لەنێوان قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژیەتی وانەوتنەوەی ئێسکە ماسی دەخوێنن، کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە بابەتەکەیان بە ڕێگایەکی ئاسایی دەخوێنن.

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( Independent Sample t test) بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو و کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری دەستەکەوت لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، هەروەک لە خشتەی (15) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو:

**خشتەی (15) خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوە پاشەکی نێوان هەردووگروپی توێژینەوە ( ئەزموونی - کۆنترۆڵکراو )**

| گروپ | تاقیکردنەوەکان | | ژمارەی قوتابییان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | (T.test) هەژمارکراو | بەهای Sig | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پاڵنەری دەستکەوت | پاشەکی | 30 | 4.21 | 0.168 | 58 | 6.853 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | | پاشەکی | 30 | 3.82 | 0.261 | | | | |

لە خشتەی (15) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای گروپی ئەزموونی بریتییە لە (4.21) بە لادانی پێوەری (0.168)، ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (3.82) بە لادانی پێوەری (0.261) بەهای (T.test) بریتییە لە (6.853)، بە نرخی ئەگەری (Sig) (0.00) کە زۆر کەمترە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05)، ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئامارییە لەنێوان ناوەندەژمیرەیی نمرەی پاشەکی بوونی هەیە، لای قوتابییانی چاوگە نموونەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.

دوای شیکردنەوەی داتاکان و دەرخستنی ئەنجامەکان توێژەران گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکە ماسی کاریگەری زیاترە بەراوورد بە بەکارهێنانی ڕێگای کلاسیکی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ستراتیژی

ئێسکەماسی یارمەتی بیرکردنەوەی زیاتری قوتابیان دەدات و جێبەجێکردنی چالاکییەکان لە مامۆستاوە دەگوازێتەوە بۆ قوتابی و گرنگی بە کارامەییەکانیان دەدات و هانییان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن. ئەم ئەنجامەش هاورایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی **(احمد،2019، الدبیسی، 2012)**، ئەمەش کاریگەری ستراتیژی ئێسکەماسی دەردەخات لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا. بەم شێوەیە گریمانەی سفری دووەم ڕەتدەکەینەوە،گریمانەی جێگرەوەیی وەردەگرین.

**3- گریمانەی سفری سێیەم:** ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی کاریگەری نییە لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.

بۆ زانینی ئاستی قەبارەی کاریگەری ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت، توێژەران هاوکێشەی دووجای ئیتا ($\eta^2$) بەکارهێنا، خشتەی (16) کاریگەرییەکە ڕووندەکاتەوە:

**خشتەی (16) بەهای (N2) قەبارەی کاریگەری ستراتیژی ئێسکەماسی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | کۆمەڵە | تاقیکردنەوە | نموونە | بەهای ($\eta^2$) | ئاستەکانی کاریگەری ($\eta^2$) | | | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | Small | Med | Big | |
| **ئێسکە ماسی** | **پاڵنەری دەستکەوت** | ئەزموونی | پاشەکی | 30 | 0.44 | 0.01 | 0.06 | 0.14 | Big |
| | | کۆنترۆڵکراو | | 30 | | | | | |

لەخشتەی (16) ڕووندەبێتەوە کەقەبارەی کاریگەری ستراتیژی ئێسکەماسی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لەجێبەجێکردنی پاشەکی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەپێی هاوکێشەی دووجای ئیتا بریتییە لە (0.44) ئەمەش گەورەترە لە (0.14) کە بەهای گەورە دەنوێنێت ( Sullivan & Feinn, 2012,:280)، ئەم بەهایەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەریەکی گەورە لەوانەوتنەوە بەپێی ستراتیژیەتی ئێسکەم اسی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.

**5 . 1دەرئەنجام :**

لە ژێر ئەنجامدانی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتاکان توێژەران توانییان ئەم ئەنجامانە بەردەست بخەن:

1. ئەنجامی گریمانەی یەکەم بۆ نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونی، ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بوونی هەیە، لای قوتابییانی چاوگە نموونەی ئەزموونی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی دەخوێنن.

2 . ئەنجامەکان دەریانخست کە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە پەیکەری ماسی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لەسەر پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لە تاقیکردنەوەی نمرەی پاشەکی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، لای قوتابییانی چاوگە نموونەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەستکەوت لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.

3. زیادبوونی ئاستی کاریگەری لە وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی بۆ گروپی ئەزموونی، بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەت بەشێوەی ئاسایی وەردەگرن.

4 . بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کاریگەرییەکەی زیاترە، بە بەراورد بە شێوازی ئاسایی، لەسەر گۆڕاوی پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لە لای قوتابییاندا.

**5 . 2 ڕاسپاردە:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەن توێژەران چەند ڕاسپاردەیەکیان ئاماژە پێکردووە وەک:

1. کردنەوەی خولی شیاندن بۆ ڕاهێنانی پیشەیی و فێرکاری درێژخایەن بۆ سەرجەم مامۆستایان، ئاشناکردنیان بە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، بەتایبەتی لە بەشە مرۆییەکان، شێوازی وانەوتنەوە و بەکارهێنانی ستراتیژی نوێ و هاوچەرخ لە خۆ بگرێت بە تایبەتی ستراتیژی ئێسکە ماسی.

2. هاندانی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کەسانی بسپۆری بواری پەروەردە و فێرکردن لە گرتنەبەری شێوازی نوێی وانەوتنەوە، دوورکەوتنەوە لە شێوازی کۆن و شانبەشانی شێوازی ئاسایی پێڕەوکراو.

3 ـ فەراهەمکردنی ئەو ئاسانکارییانەی کە پێویستە لە قوتابخانەکاندا هەبن کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی فێرکردنی چالاک بە پێی ستراتیژیەت نوێیەکانی وانەوتنەوە، وەکو فراوانی ژووری پۆلەکان و بەکارهێنانی مێزو کورسیە جوڵاوەکان.

4. پێویستی جێبەجێکردنی شێوازی زانستی ڕاست بۆ تاقیکردنەوە، بەکارهێنانی ستراتیژیەتی وانەوتنەوەی گونجاو و هەڵبژاردنی هۆکار و ئامرازەکانی فێرکاری پێویست لەگەڵیدا.

**5 ـ 3 پێشنیازەکان:**

توێژەران چەند پێشنیازێکی گرنگیاندا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە و جیاوازی تر لەوانە:

1ــ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە شێواز و ڕێگا و ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە و (ستراتیژی ئێسکە ماسی)، لە قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن بە پێی پێوەری جیاواز.

2 – ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشـــێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ قوتابییان لە قۆناغەکانی تری بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی هەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) بە نموونە و قەبارەی جیاواز.

3. توێژینەوەی تری هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ گۆڕاوەکانی تری وەک (بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، مەیل و ئارەزووی قوتابی، شێوازی فێربوون...هتد).

4 – ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی ئێســکە ماســی کاریگەری لەســەر پاڵنەری دەســتکەوتی خوێندن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پۆلی حەوتەم لە ڕەگەزی مێ لە بەشی جوگرافیا.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**1. سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :**


ـ ئاغا، شێرزاد عەلی ئەحمەد قاسم (2016). کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر .

– ئەلزغول، عیماد عبدالرحیم (2015). بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، وەرگێرانی : ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ هەولێر .

– أبوزید، محمد أمیر (2023). شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری ( HBDI ) و پەیوەندی بە پاڵنەرەکانی دەستکەوت لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر .

– بکر، ڕەنگین صدیق (2016). کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی وانەگوتنەوەی ڕێکخراوەیی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر .

– زەڕینکوب، عەبدولحسەین (2011). مێژوو لە تەرازوودا ( فەلسەفە و لۆجیکی مێژوو) وەرگێڕانی : قادر محمد حسن، سۆران بها ئەحمەد، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم ـ سلێمانی .

– عزیز، عزالدین احمد (2014). بنەماکانی دەرونزانی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

– عزیز، کریم احمد (2021) . ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم ، هەولێر .

– قاضی، ئەژی حمە (2016). کاریگەری بەکارهێنانی سیستەمە هێڵکارییە مەعریفییەکان بە ستراتیژی (T.P.S) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، فاکەڵتەی پەروەردەی وەرزشی و بنەڕەتی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی .

– قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (2014). ڕێگاو شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ هەولێر .

– قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (2023). ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، کۆیە .

– قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2006). سایکۆلۆژیای گشتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.

– قەرەچەتانی،کەریم شەریف (2015). سایکۆلۆژیای گشتی، چ1، چا:پیرەمێرد، سلێمانی .

– کەریم، ئالان پشتیوان (2014). بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکی بە پێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر .

2 . سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

–الأغا، ضياء الدين فريد صالح (2013). أثر توظيف استراتيجية عظم السمك في تنمية المفاهم العلمية ومهارات التفكير الناقد في غلوم الصحة والبيئة لدي طلاب الصف العاشر الأساسي، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الإسلامية _ غزة.

– البركاتي، نيفين (2008). أثر التدريس باستخدام إستراتيجيات الذكاءات المتعددة في التحصيل والترابطالرياضي لدى طالبات الصف الثالث K.W.L القبعات الست و المتوسط بمدينة مكة المكرمة ، رسالة دكتوراه ، غير منشورة ، جامعة أم القرى ، مكة المكرمة .

– بطرس، حافظ بطرس (2010). طرق تدريس المضطربين سلوكيا وانفعاليا، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان _ الأردن .

– حسين، محسين محمد (2012). طبيعة المعرفة التاريخية وفلسفة التاريخ، مطبعة موكرياني، اربيل .

– حسو، أشقي سليمان (2014). أثر استخدام ستراتيجية القبعات الست في مهارات التفكير البصري وتنمية دافع الإنجاز الدراسي لدى طلاب الصف الثامن الأساس في مادة العلوم، رسالة ماجستير، كلية التربية الأساس – جامعة صلاح الدين– أربيل .

– حميد، سلمى مجيد (2006). اثر استراتيجية تعليمية بالشرح والرسم الأني في التحصيل والدافعية وتنمية مهارة رسم الخرائط التاريخية لدى طالبات المرحلة المتوسطة ، أطروحة الدكتوراه ، كلية التربية ، الجامعة المستنصرية ، العراق .

– خليفة ، عبدالطيف محمد (2000). الدافعية الإنجاز، دار غريب للطباعة والنشر، القاهرة .

– داود، عزيز حنا و عبدالرحمن انور حسين (1990). مناهج البحث التربوى، دار الحكمة للطباعة ونشر، جامعة بغداد .

– الريامى، سعود (2004). الجديد في التعلم التعاوني لمراحل التعليم والتعليم العالي، ط1، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع – الكويت .

– الساكر، رشيدة (2015). دافعية الانجاز وعلاقتها بفاعلية الذات لدى تلاميذ الثالثة الثانوي ، كلية علوم تربية ، إرشاد و توجيه .

– شاهين،عبدال حسن عبدال (2011)، استراتيجيات التدريس المتقدمة واستراتيجيات التعلم وانمات التعلم، كلية التربية بدمنهور، جامعة الإسكندرية، مصر.

– شواشرة، عاطف حسن (2007). فاعلية برنامج في الارشاد في استثارة دافعية الانجاز لدى طالب يعاني من تدني الدافعية في التحصيل الدراسي ، (دراسة حالة) كلية الدراسات التربوية ، جامعة العربية المفتوحة . الأردن .

– الصلابي، علي محمد(2005). التأريخ الإسلامي، ط1، مجلد2، دار الفجر للتراث، القاهرة . مصر .

– عسقول، محمد عبدالفتاح (2006). الوسائل والتكنولوجيافى التعليم، ط2، الجامعة الإسلامية، النكتبة المركزية.

. عطية، محسن علي (2009). الجودة الشاملة والجديد في التدريس،الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع ، الأردن _ عمان .

– العتوم، عدنان يوسف، واخرون (2011). علم النفس التربوي النظرية والتطبيق، ط2، دار المسيرة، للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن .

– العزاوي، رحيم يونس كرو (2008) . القياس والتقويم في العملية التدريسية، ط1، دار دجلة ناشرون موزعون، عمان . الاردن .

– فان دالين، ديو بولاب (2007). منهج البحث ف التربية علم النفس، ترجمة : نبيل نوفل واخرون، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة _ مصر .

– النبهان، يحيى (2004) . طرائق تدريس الاجتماعيات وتطبيقاتها العلمية، ط1، دار يافا للنشر والتوزيع، عمان . الاردن .

– النقشبندي، شيماء حسام الدين (2009). أثر استخدام خرائط المفاهيم كإستراتيجية تدريسية و منظمات في تحصيل طالبات الصف السابع الاساسي في

3 : گۆڤارەکان :

– حەمەدەمین، شیلان ئەحمەد (2023). هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 27، ژمارە2، ساڵی 2023 . https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.3

– الدبسي، احمد (2012). اثر استخدام عظم السمك في تنمية المفاهيم العلمية في مادة العلوم دراسة تجريبية على تلاميذ الصف الرابع الاساسي في محافظة ريف دمشق، كلية التربية، مجلة جامعة دمشق ، المجلد (28)، العدد الثاني، سوريا .

– أحمد، ولاء جمعة محمد (2019). فاعلية استخدام استراتيجية عظم السمكة في تدريس الدراسات الأجتماعية على التحصيل وتنمية بعض مهارات التفكير البصرى لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية – جامعة اسوان ، العدد (34) .

- Hall, T., & Strangman, N. (2002). Graphic organizers. Wakefield. MA: National Center on Accessing the General Curriculum. Retrieved on (6\3\2013) from: http://aim.cast.org\learn\historyarchive\backgroundpapers\graphic-organ

-Sullivan G. M. & Fein R (2012). Using Effect Size – or why the p value is not enough. Journal of Graduate Medical. .4(3) pp.279-282

**أثر استراتيجية عظم السمكة على دافعية الإنجاز الدراسي في مادة التأريخ لدى طلاب الصف السابع الاساسي**

**بيگرد على صادق**

قسم العلوم الاجتماعيات ، كلية التربية الأساس ، جامعة صلاح الدين–أربيل ، إقليم كوردستان,العراق

Begard.sadiq@su.edu.krd

**ژيان اسماعيل سعيد**

قسم العلوم الاجتماعيات ، كلية التربية الأساس ، جامعة صلاح الدين–أربيل ، إقليم كوردستان,العراق

zhian.saeed@su.edu.krd

**اميره حسين شريف**

قسم العلوم الاجتماعيات ، كلية التربية الأساس ، جامعة صلاح الدين–أربيل ، إقليم كوردستان,العراق

ameera.shareef@su.edu.krd

**الملخص**

هدفت الدراسة إلى تحديد أثر استراتيجية عظم السمكة على دافعية الإنجاز الدراسي في مادة التاريخ لدى طلاب الصف السابع الاساس. استخدم الباحثون المنهج التجريبي لتحقيق هدفهم. تكونت العينة من 60 طالبا وطالبة، قسموا عشوائيا إلى مجموعتين، المجموعة الضابطة: 30 طالبا وطالبة، وهم الذين درسوا جميع المواد الاجتماعية بطريقة اعتيادية، والمجموعة التجريبية: 30 طالبا وطالبة، درسوا المادة وفقا لاستراتيجية عظم السمكة. أعد الباحثون مقياس تحفيز الإنجاز بإجراء جميع الإجراءات السيكومترية، ثم وجدوا ثباته. وجد الباحثون أن معامل الثبات من خلال تسمية (سبيرمان براون) هو (0.917) وحسب معادلة (ألفا كرونباخ) هو (0.90). قام الباحثون بإعداد (12) خطة تدريسية للمجموعة التجريبية التي درست وفق استراتيجية السمكة و(12) خطة تدريسية اخرى للمجموعة الضابطة التي درست الدروس بالطريقة الاعتيادية في الفترة من (2024/10/13) إلى (2024/11/26). وبعد انقضاء المدة وتطبيق التجربة على المجموعات واستخراج النتائج وتحليلها باستخدام البرنامج الإحصائي ( SPSS ) توصل الباحثون إلى النتيجة الآتية:

– يوجد فرق دال إحصائيا عند مستوى الدلالة (0.05) بين متوسط درجات المجموعة التجريبية التي درست المواد من خلال استراتيجية العظم، والمجموعة حكمت بدراسة المواد بالطريقة الاعتيادية، وفي الاختبار البعدي لتنمية دافعية الإنجاز حسمت لصالح المجتمع التجريبي.

**الكلمات المفتاحية :** الإستراتيجية ، عظم السمكة ، دافع الأنجاز ، الطلاب .

**The Effect of the Fishbone Strategy on Motivating the Academic Achievement in the Subject of History among Seventh Grade Students**

**Begard Ali Sadiq**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Begard.sadiq@su.edu.krd
**Zhian Ismael saeed**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zhian.saeed@su.edu.krd
**Shareef Ameera Hussein**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ameera.shareef@su.edu.krd

**Abstract**
The study aimed to determine the impact of fishbone strategies on motivating the academic achievement in the subject of history among seventh grade students. The researchers used the experimental approach to achieve their goal. The sample consisted of 60 male and female students, randomly divided into two groups, the control group: 30 students, who studied all social subjects in a normal way, and the experimental group: 30 students, who studied the subject according to the fishbone strategy. The researchers prepared the Achievement Motivation Scale by conducting all psychometric procedures, and then found its stability. The researchers found that the stability coefficient by Spearman Brown is (0.917) and according to Cronbach's alpha is (0.90). The researchers prepared (12) teaching plans for the experimental group that studied according to the fish strategy and (12) other teaching plans for the control group that studied the lessons in the usual way from (13/10/2024) to (26/11/2024). After the end of the period and applying the experiment to the groups, extracting the results and analyzing them using the statistical program (SPSS), the researchers reached the following result: There is a statistically significant difference at the level of significance (0.05) between the average scores of the experimental group that studied the materials through the bone strategy, and the group judged to study the materials in the usual way, and in the post-test to develop achievement motivation resolved in favor of the experimental community.

**Keywords:** Strategy, Fishbone, Achievement Motivation, student.

**پاشکۆی (1) نموونەی پلانی ڕۆژانەی وانەوتنەوەی مامۆستا لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئێسکە ماسی**

| | |
|---|---|
| **قوتابخانە : سەفین یاسینی بنەڕەتی** | **بابەت : بابەتە کۆمەڵایەتییەکان** |
| **پۆل : حەوتەمی بنەڕەتی** | **بەش : یەکەم / مێژوو** |
| **هۆبە : د  گروپی ئەزموونی** | **وانە : سێیەم** |
| **ڕێکەوت : 20 / 10 / 2024 / ڕۆژی یەکشەممە** | **کات : 40 خولەک** |
| **بابەتی خوێندن : سەرەتایەک بۆ مێژووی کۆن (چاخە مێژووییەکان 3200 پ.ز) نووسینی بزماری / هێرۆگلیفی** | |

**ئامانجەکانی فێرکردن**

**یەکەم : ئامانجی تایبەتی :**

یارمەتی قوتابیان بدرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێ ڕاستی و تێگەیشتنی وەک :

1. نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی بناسێت، واتای ئەم دەستەواژانە بزانێت .
2. پێناسەیان بکات .
3. جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوانیان دەستنیشان و پۆلین بکات .

**دووەم : ئامانجە ڕەفتارییەکان :**

پێشبینی دەکرێت دوای تەواوبوونی وانەکە قوتابی توانای هەبێت بۆ :

- سەردەمی  چاخە مێژووییەکان  هەڵبسەنگێنێت.
- بەراوردی نێوان نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی بکات .
- دیاریکردنی سەردەمی نوسینی بزماری و هێرۆگلیفی (ساڵەکان) .
- مەبەست  لەم جۆرە نووسینانە چییە .
- ژماردنی سەردەمە مێژووییەکان .

**سێیەم : هۆیەکانی فێرکردن :**

- پێنووس ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ .
- تەختەی سپی (وایت بۆرد) دروستکردنی خشتە بۆ لێکچوون و جیاوازییەکان .
- پەرتوکی بڕیارلەسەردراو .
- نەخشەی  پیشاندانی هەندێک ناوچە .

**چوارەم** : **کرداری وانە وتنەوە :**

**پێشەکی :** **کات : (5) خولەک**

پێش دەستپێکردن بە وانەی نوێ و بەستنەوەی بە وانەی ڕابردوو، مامۆستای بابەت وانەی ڕابردوو بە بیر قوتابییان دەهێنێتەوە لە ڕێگای چەند پرسیارێک :

**خستنەڕووی بابەت :** **کات : 30 خولەک**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگایە ، توێژەران بە یارمەتی مامۆستای بابەت  دەست دەکات بە دابەش کردنی قوتابیانی گروپی ئەزموونی بۆ سەر (6 ) گروپ و هەر گروپێگ لە ( 4 ) قوتابی پێکدێت ، وە هەر گروپێک لە ( 3) ئاستی جیاواز پێکدێت لە ئاستی  بەدەستهێنان ( ئاستی نزم ، ئاستی ناوەند . ئاستی بەرز ) ، ئەویش لە ڕێگای وەرگرتنی ڕای مامۆستای بابەت دەربارەی ئاستی قوتابیان ، وە تێبینیکردنی نمرەکانی بابەتی مێژووی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی : **کات : 5 خولەک**

**بابەتی یەکەم :** **کات : 15 خولەک**

مامۆستا/ بەشێوەیەکی گشتی بابەتی ( نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی لە چاخە مێژووییەکان لەسەردەمی کۆن) بۆ قوتابیان ڕووندەکاتەوە پاشان چەند پرسیارێک ئاراستەی قوتابیان دەکات و وەڵامەکانیش لە ڕێگای سەرۆک گروپەکان و هەندێک جاریش بە هاوبەشی و هاوکاری لە نێوان گروپەکان وەڵام دەدرێتەوە لەوانە :

**مامۆستا** :  بە خشتەیەک جیاوازی و لێکچوونەکان لە نێوان نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی بنووسە ؟

**وەڵامی گروپەکان** : نووسینی بزماری :

1. نووسین بزماری لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار بەکارهات .
2. شێوەی نووسینی پیتەکانی بزماری بە شێوەی مێخەکی بوو .
3. بە نەخش و وێنە بوو .
4. ساڵی 3200 پ .  دۆزراوەتەوە .

**دووەم : نووسینی هێرۆگلێفی :**

1. نووسینی هێرۆگلێفی لە دۆڵی نیل بەکارهات .

2. به نەخش و پیت بوو ز
3. لەسەر دیارو وێنە پیۆزەکان دەنووسرا
4. ساڵی 3100 پ.ز دۆزرایەوە

**بابەتی دووەم :** **کات : 10 خولەک**

**مامۆستا : جۆرەکانی مۆر بژمێرە لە سەردەمی کۆن بۆچی بەکارهاتوون ؟**

**وەڵامی گروپەکان بە هاوبەشی :**

1. **مۆری بازنەیی** : بۆ کارو باری رۆژانەی وڵات و بەرێوەبردن بەکاردەهات .
2. **مۆری لوولەیی** : بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی کەلوپەلەکان بەکاردەهێنرا .

**هەڵسەنگاندن :** **کات : 4 خولەک**

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتن و بیرهاتنەوەی خێرا بە ئەم مەبەستە مامۆستا هەندێک پرسیار ئاراستەی قوتابییان دەکات لەوانە:

1. نووسینی بزماری لە چ وڵاتێک بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا ؟
2. گرنگی نووسین چیە ؟
3. جیاوازی نووسینی بزماری لەگەڵ نووسینی هێرۆگلیفی چی بوون ؟
4. جۆرەکانی مۆر چی بوون ؟

**ئەرکیماڵەوە :** **کات : 1 خولەک**

پێداچوونەوە بە تەواوی ناوەرۆکی بابەتی ئەمڕۆ، چونکە پرسیارتان لێ دەکەم، و خوێندنی بابەتی ( میللەتە دێرینەکانی عێراق/ سۆمەرییەکان لە وانەی داهاتوودا :

**سەرچاوە :**

- پەرتوکی بڕیار لەسەردراو بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی .
- نەخشەی مێژووی میللەتە دێرینەکانی عێراق .
- زانیاری گشتی .

**پاشکۆی (2) ناو و نازناوی شارەزایان و پسپۆران**

| ژ | ناوەکان | نازناوی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د فەرهاد علی مصطفی | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین |
| 2 | د سلوى أحمد امين | پرۆفیسۆر | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 3 | د. زەردەشت محمد رووف | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4 | د. سینا احمد علی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 5 | د. بان صباح علی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 6 | د. ڕەوا صالح محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 7 | د. أردەلان لطیف عبدالقادر | مامۆستا | فەلسەفەی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 8 | د. تانیا نورالدین صابر | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |

## پاشکۆی ژمارە (3) بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری دەستکەوت

| ژ | بڕگەکان | زۆر ڕازیم | ڕازیم | بێلایەنم | ڕازی نیم | هەرگیز ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لە توانام دا هەیە ئەو پرسیارانە شیکار بکەم کە بە قوتابییانی تر شیکار ناکرێت . | | | | | |
| 2 | کاتی بەتاڵم بەکاردەهێنم بۆ خوێندن . | | | | | |
| 3 | گرنگە لە لام ئەو کارانە تەواو بکەم کە دەستم پێکردووە . | | | | | |
| 4 | بەردەوام هەوڵدەدەم لە قوتابییە سەرکەوتووەکان بم لە قوتابخانە | | | | | |
| 5 | بەدەستهێنانی نمرەی کەمتر لەوەی چاوەڕێم دەکرد لە تاقیکردنەوەکان ئازارم دەدات . | | | | | |
| 6 | پێم باشە  بیر لە ڕووداوەکان نەکەمەوە، چۆن ڕوویانداوە . | | | | | |
| 7 | چێژ لەو بیرۆکە نوێیانە وەردەگرم کە لە قوتابخانە فێر دەبم . | | | | | |
| 8 | کاروباری خوێندنم دڵسۆزانە جێبەجێدەکەم . | | | | | |
| 9 | وا هەست دەکەم زۆربەی بابەتەکانی خوێندن بێزارکەرن . | | | | | |
| 10 | وای بە باش دەزانم پرسیارە قورسەکان شیکار بکەم کە پێویستییان بە بیرکردنەوەی زیاتر هەیە . | | | | | |
| 11 | قوتابییە زیرەکەکان دەکەم بە هاوڕێم | | | | | |
| 12 | بە دواداچوون دەکەم بۆ سەرجەم پێشکەوتنە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان . | | | | | |
| 13 | هەندێک کار ئەنجام دەدەک بەر لەوەی بیریان لێبکەمەوە | | | | | |
| 14 | هەوڵدەدەم هەموو تواناکانم بەکاربێنم بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی خوێندن.. | | | | | |
| 15 | گرنگی بەو کات و کۆششانە دەدەم کاتێک لە پێناو سەرکەوتنمدانە. | | | | | |
| 16 | حەز بە چالاکی و کارکردن دەکەم لە ناو پۆلدا . | | | | | |
| 17 | بە ووردی سەرنجی روونکردنەوەی مامۆستا دەدەم لە کاتی وانەکان دا. | | | | | |
| 18 | دوای بەجێگەیاندنی ئەرکەکانم هەست بە ئاسوودەیی دەکەم . | | | | | |
| 19 | هەست بە تەمبەڵی دەکەم کاتێک دەچمە قوتابخانە. | | | | | |
| 20 | باشتر بیردەکەمەوە کاتێک لەگەڵ هاوڕێ زیرەکەکاندا بم | | | | | |
| 21 | کاتێک تاقیکردنەوەم هەبێت هەست بە ترس دەکەم . | | | | | |
| 22 | بیرکردنەوەم لە تەواوکردنی ئەرکی خوێندندا هەڵەم پێدەکات . | | | | | |
| 23 | هەستدەکەم هاوڕێکانم ڕێز لە بیرەبۆچوونەکانم دەگرن لە ناو پۆلدا . | | | | | |
| 24 | لە توانام دا هەیە سەرکەوتوو بم لە زۆربەی وانەکانم . | | | | | |
| 25 | سەرکەوتن لە ژیان پەیوەندی بە شانسەوە هەیە . | | | | | |
| 26 | دەتوانم بەرگەی بەرپرسیارییەتی خوێندن لە ئەستۆ بگرم . | | | | | |
| 27 | کارکردنی ئازادم پێ باشترە لە تەواوکردنی خوێندن | | | | | |
| 28 | تەنها پشت بەخۆم دەبەستم لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی قوتابخانەم . | | | | | |